نابێت ئافرەت سەرپەرشتیاری مارەیی کردنی ئافرەتێکی تر بێت، وئافرەت نابێتە سەرپەرشتیاری خۆی بۆ ئەوەی مارە بکرێت، ئەوە ئافرەتی زیناکەرە کە دەبێتە سەرپەرشتیاری خۆی بۆ ئەوەی مارە بکرێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێت ئافرەت سەرپەرشتیاری (وەلی ئەمری) مارەیی کردنی ئافرەتێکی تر بێت، وئافرەت نابێتە سەرپەرشتیاری (وەلی ئەمری) خۆی بۆ ئەوەی مارە بکرێت، ئەوە ئافرەتی زیناکەرە کە دەبێتە سەرپەرشتیاری خۆی بۆ ئەوەی مارە بکرێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئافرەت ناکرێتە سەرپەرشتیار (وەلی ئەمر) وفەرمانی نادرێتە دەست بۆ مارەبڕینی خۆی یان هەرئافرەتێکی تر، وئەو مارەبڕینەی کە ئافرەتێک خۆی سەرپەرشتیاری (وەلی ئەمری) خۆی بووە ئەو مارەبڕینە پوچەڵە ودروست نییە، وسەبارەت بە ووتەی: «ئەوە ئافرەتی زیناکەرە کە دەبێتە سەرپەرشتیاری خۆی بۆ ئەوەی مارە بکرێت»، ئەمە لە قسەی ئەبی هورەیرەیە -ڕەزای خوای لێبێت-، ومەبەست لێرەدا تەنها ئافرەتە زیناکەرەکان دەبنە سەرپەرشتیار وبەرپرسیاری خۆیان بۆ مارە کردنیان؛ بۆیە نابێت مارەیی ئەنجامبدرێت مەگەر پاش ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری (وەلی ئەمری) ئافرەتەکە نەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58069